**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٨٧١ لە ٢٠٢٠/١/٢٨**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**ڕێنمایی تایبەت بەمۆڵەتی بێ مووچە**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٥٩٥٦ ) لە ٢٠١٩/٩/١٠ جەخت لە سەر ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ دەکەینەوە کەوا ئەو فەرمانبەرانەی کە مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە و پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتیان دووبارە داوای مۆڵەتی بێ مووچە دەکەن بەپێی ڕێنماییەکانمان ژمارە (٤و١٤)ی ساڵی٢٠١٥ و (٢٣)ی ساڵی٢٠١٦ بەبێ ئەوەی دەستبەکاربینەوە بڕیارماندابە:-

**یەکەم:-** پێویستە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەکە ، دەستبەکار بینەوە و دووبارە داوایەك پێشکەش بکات بۆ پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بەپێی ڕێنماییەکانی سەرەوە و بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی پێویست بگیرێتەبەر .

**دووەم:** بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لە دەرەوەی وولاتن و بە هۆی خراپی باری تەندروستی خۆیان یان ئەندامێکی نزیکی خێزانیان (پلەی یەك) ناتوانن بگەڕێنەوە پێویستە بەڕاپۆرتی پزیشکی ئەو وولاتەی کە لێی نیشتەجێن پشت ڕاستبکرێتەوە و دواتر لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ڕاستاندنی بۆ بکرێت و پاش پەسند کردنی لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم دەکرێت مۆلەتی بێ مووچەیان درێژبکرێتەوە.

**سێیەم:** لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە دەبێت فەرمانبەر ئەستۆپاکی بۆ بکرێت .

**چوارەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێ بکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**